# خوولانەوەی کورد لەبازنەی مێژووی کۆن ونوێدا..

کەمال ڕەئوف

مێژووی هەرنەتەوەو گرووپ وکەسایەتیەك پێكهاتەی ئەوڕۆژگارانەیە كەتیایدا ڕووداوگەلێك لەزەمنێكی دیاریكراوی بەسەرچوودا ڕوویان داوە و بوونەتە بەشێك لەڕابردوو , هەربۆیە ئەستەمە ئەو ڕووداوانەی ڕابردوو بۆجارێكی ترو لەزەمەنێكی تردا بەوێنەیەكی ترەوە نیشان بدرێن وهەوڵ بدرێ تۆمارێكی درۆینانەیان بۆ بكرێتەوە , هەركەسیش بیەوێو هەوڵی ئەوەبدات كە بەدڵخوازانە مێژووی خۆی یان هەر نەتەوەوگرووپێكی دیاریكراو بنووسێتەوەو هەوڵبدات ڕووداوەكان لەڕێچكەی ڕاستی خۆیان لابدات وبیانگۆڕێت و وێنەیەكی ترمان نیشان بدات , ئەوا ئەو كەسە نەك هەر خەڵكی پێی ناخەڵەتێنرێت بەڵكو بەدڵنیاییەوە تەنها خۆی دەخەڵەتێنێ .

گەلی کورد لەچەندوێستگەیەکی مێژوویی کۆن ونوێیدا..

⋆میری ئەردەڵان (خان ئەحمەدخانی کوڕی هەڵۆخان ), دوای گرتنی شاری کۆیەو هەریر, بەبێ شەڕ شاری موسڵ و ناووچەکانی دەورووبەریشی گرت و ڕووی کردە کەرکوك و بەغداد و لەماوەیەکی کورتدا ئەوانیشی گرت , قەڵەمڕەوی هێزی ئەو میرەی ئەردەڵان هێندە گەورەبووە شا سەفی کەلە(1038)ی کۆچیدا چووەتە سەرکورسی سەڵتەنەت مەرایی بۆکردووە ولێی سڵەمیووەتەوە , خان ئەحمەد کە بیست و شەش ساڵیڕەبەق حوکمڕانی کەرکوك و سلێمانی و شارەزووری کردووە و موسڵیشی بۆماوەی حەوت ساڵ کردۆتە پایتەختی خۆی , بەڵام مەخابن کە لەڕۆژەکانی دوای دەسەڵاتدارێتیدا لە ژێرەوە پەیوەندی کردووە بەسوڵتانی عوسمانییەوەو پەیمانی وابەستەیی خۆی داوەتێ و نەیتوانیووە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی خۆی ڕاگەیەنێت .

⋆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش لەیەکەم ڕۆژەکانی ڕاپەڕینی ئازاری 1991 وە کەخەڵك وەك بورکان تەقیبوونەوە و هیچ هێزێك لەبەردەمیدا خۆی نەدەگرت و هەرڕۆژە ناوچەو شارێکی کوردی لەهێزەکانی حکومەتی بەعس پاك دەکردەوە , مەخابن ئەو سەرکردایەتیە لەژێرەوە پەیوەندی کرد بە ڕژێمەوە تاکو دانوستاندن پێکەوەبکەن و چوونە بەغدادو سەددامی دیکتاتۆریان لەئامێزی خۆیان گرت .

⋆ دوای ئەوەی کە بەمردنی کەریم خان سەڵتەنەتی ئێران لەساڵی 1193ی کۆچیدا کەلێنێکی گەورەی تێکەوت و فرسەتی ئەوەی هێنایە پێشەوە کە ئەو دەوڵەتە لەبەر یەك هەڵبووەشێتەوە , حکومەتی خەسرەو خانی گەورە کەلەشاری سنە نیشتەجێ بووە و کرماشانیشی لەژێردەستدابووە, لەو ساتانەدا لەگەڵ تیرەکانی زەنگەنەوکەلهوڕ بەشەڕهاتووە و نەیتوانیووە ئەو فرسەتە بقۆزێتەوە ودواتریش دەچێت بۆئەسفەهان و تادوایین ساتەکانی ژیانی بەنەخۆشی لەوێ دەمێنێتەوە .

⋆ لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە کە دەرکەوت هیچ کەس لەو چوار بەڕێزەی کەخۆیان بۆ ڕابەرایەتی هەڵبژاردبوو دەنگی تەواویان نەهێنا ئاڵۆزی کەوتە ناولایەنەکانی بەرەیکوردستانیەوە , ئەوکاتانە کە حکومەتی بەعس لە لاوازترین ساتەکانی خۆیدا دەژیاو نینۆکەکانی کرابوو , پارتی و یەکێتی پێکەوە بڕیاریان دا شەڕی پەکەکەبکەن و دواتریش شەڕی نێوان خۆیان و ئەوانی تریان دەستپێکردەوە .

⋆ ڕۆژی 1927/10/29 کۆمەڵەی نیشتمانی کوردی (خۆییبوون) و پارتی شۆڕشگێری ئەرمەنی(تەشناق )لەسەر ئەو خالآنە ڕێککەوتن کە سنووری ناوچەکانی خۆیان لەسەر سەرژمێری ساڵەکانی پێش 1914 واتە پێش ڕوودانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەست نیشان بکەن و پێکەوە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئەرمینیا بکەن و هاوبەشی هەر کارێکی بەرەوو ڕووبوونەوە بکەن و بەشێوەیەکی گرنگ هەوڵی گەیشتن بەمەسەلەی کونفیدراڵی لەنێوان ئەرمەن و کوردا بدرێ.

⋆ دوای پتر لە حەوت هەشت ساڵ شەڕی گەرم و سارد لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دا, دوای سەدان دانیشتنی لیژنەکانی ئاشتی و دابەشکردنی کوردستان و داهات بەسەر خۆیاندا تازە بەتازە لەسەرەتای ساڵی 2004دا بڕیاریان داوە کە هەردوو ئیدارەکە یەکبخەنەوەو بۆ مێژوو بلێن گەر فیدراڵیمان لەسەر ئاستی عێراق بەدەست نەهێنا ئەوا کۆنفیدراڵیمان لەنێوان ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێردا بەدەستهێنا و یەکمان گرتەوە .

⋆ لەڕۆژی 1946/4/24 لەپشتێنەی سنووری حکومەتەکەی قازی محەمەد کوڕانی بەرزانی و ناوچەکانی سلێمانی هاوشانی سەربازەکانی کۆمار سەنگەریان لێدابوو تا بەر بەلەشکری ئێران بگرن , حەمەڕەشید خانیش بەنامەیەك سەرۆکی کۆمارقازی محەمەدی ئاگادار کردەوە کە هێرشەکانی دوژمن بۆئەوەیە کە ئەوان ناوچەکوردییەکانی تر نەخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە , بۆیە داوای لێکرد کە ئەمربکات تا هێرش بکەن بۆ گرتنی شارەکانی سەقزو ناوچەکانی تر, بەڵام قازی کەلای وابوو , رووسیا دەیەوێت لەڕێگەی داکۆکی کردن لەگەلی کوردو ئازەرییەکانەوە کونترۆڵی خاوەر میيانە بکات , دەستبەرداریان نابێت , بۆیە لەوەلآمدا دەڵێت , نوێنەرانی کورد سەرقاڵی گفتووگۆکردنن , بەڵام کەوەفدەکەش بەشکست لەتاران

گەڕایەوە قازی هەر ڕای خۆی نەگۆڕی و ڕێگەی نەدا ئەوناوچانە ئازاد بکرێن , کەدوایی ئێرانیەکان لەڕێگەی کڕینی چەند سەرەك هۆزی ئەوناوچانەوە هێرشیان کردە سەر کۆماری کوردستان .

* لەدوای ئەوەی کە ناوچەیەکی کوردستان وەك ناوچەی ئەمنی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە پارێزرا , هەندێك حیزبی کوردی بەڕۆژی ڕووناك تەنسیقیان لەگەڵ هێزەکانی ئێران و تورکیا کرد تاکو کوڕانی دیموکرات و کۆمەڵە و پەکەکە تەنگەتاو بکەن و لەو ناوچانە دەریان پەڕێنن , دوای ئەوەی کە حکومەتی بەعسیش بەگۆڕ سپێردرا حیزبە کوردیەکان بەپاساوی ئەوەی کە دانوستاندنیان لەگەڵ لایەنەکانی تردا هەیە دەستیان لەناوچەکانی تری کوردستان بەرداو چاوەڕێی ئەوەن کە گەر جاران ڕووسیای ستالینی شیوعی نەی پاراستین و دەستی لێبەردایین ئەم جارە ئەمریکای سەرمایەداری بمان گەیەنێتە لوتکەی سەربەخۆیی و ئازادی .